# ياسای پەیمانگەی ئامادەکردنی پێشنوێژو خوتبەخوێنانی وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامیی هەرێمی کوردستانی عێراق

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بە ناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ٢٣**

**مێژووی بڕیار: ٣٠/١٠/٢٠٠٠**

«بڕیار»

پشت بەو یاساکارییەی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (١٣)ی ڕۆژی (٣٠/١٠/٢٠٠٠)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی حوکمی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای

## ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٠

## یاسای

## پەیمانگەی ئامادەکردنی پێشنوێژو خوتبەخوێنانی وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامیی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

دەرچووی پەیمانگەی ئامادەکردنی پێشنوێژو خوتبەخوێنان، کە

سەربەوەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامیی هەرێمی کوردستانی عێراقە، بڕوانامەی دیپلۆمی لەزانستە ئیسلامییەکاندا پێ دەدرێ و بە(فرمانبەری) پێشنوێژ وخوتبەخوێن یان بەمامۆستا لە قوتابخانە ئیسلامییەکانی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامیدا دادەمەزرێ و، مووچەکەشی بەپێی یاسای کارپێکراوی کارگوزاری(الخدمە) دەستنیشان دەکرێ.

**ماددەی دووەم:**

چۆنێتی و ڕەوشی خوێندن لەدامەزراندنی پەیمانگەکەدا بەپێڕۆ دیاری دەکرێ.

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران ئەم یاسایە بخاتەکار.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لە وەقائیعی کوردستاندا دەخرێتەکارو، حوکمەکانی ئەو پەیمانگەیانەش دەگرێتەوە کە ئێستا لە هەرێمدا هەن.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## «هۆکارە پێویستەکان»

ئەم یاسایە بۆ ئەوە یاساکاری کراوە کە پێشنوێژو خوتبەخوێنانی لەبارو مامۆستایانی لێهاتوو لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا ئامادەبکرێن.